حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین
یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا
بەڕێوبەرایەتی دڵنیایی جۆری و زانستخوازی بەردەوام

حكومة اقليم كرد ستان-العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة رابرين
مساعد رئيس الجامعة للشؤون العلمية والدراسات العليا
مديرية الضمان الجودة والتعليم المستمر

University of Raparin / Vice-President for Scientific Affairs and Higher Education
Directorate of Quality Assurance

ژمارە : ١٠ -١٣ | ١٦- خاکەلێوە -٢٧٢١ی کوردی | ٥-٤-٢٠٢١ زاینی

**بۆ: گشت کۆلێژەکان + بەشی ئەندازیاری شارستانی**

**بابەت : پێوەرو مەرجەکانی پرۆسەی ڕیزبەندی**

سڵاو...

هاوپێچ لەگەڵ نوسراوماندا بفەرموون بەوەرگرتنی فەرمانی وەزاری ژمارە (٤٢٧٦) لەڕێکەوتی (٤/ ٤/ ٢٠٢١)، کەتایبەتە بە پێوەرو مەرجەکانی پرۆسەی ڕیزبەندی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

لەگەڵ ڕێزدا...

Kamal

د. کمال سمایل محمد

بەڕێوەبەر

وێنەیەک بۆ:
- ✓ نوسینگەی سەرۆکی زانکۆ بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- ✓ نوسینگەی ی. سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- ✓ نوسینگەی ی. سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێری ودارایی بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- ✓ نوسینگەی ی. سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- ✓ سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکان بۆ زانین لەگەڵ ڕێزدا.
- ✓ دەرچوو .

General Street
Rania / Al-Sulaimania
Kurdistan Region – Iraq

http://www.uor.edu.krd
qualityassurance@uor.edu.krd
: +964 (0) 748194209

شەقامی گشتی
ڕانیە - سلێمانی
هەرێمی کوردستان - عێراق

No:
Date:

ژمارە : ٤٢٧٦
ڕێکەوت : ٤ / ٤ / ٢٠٢١ زایینی
١٥ / ١ /٢٧٢١ی کوردی

## فەرمانی وەزاری

بە مەبەستی هاندان و بەرەو پێشبردنی ئاستی زانستی و پەرەپێدانی ئەکادیمی زانکۆکان و درووستکردنی پێشبڕکێی زانستی لە سەر بنەمای دادپەروەری و شەفافیەت، هەروەها پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە کۆبوونەوەی ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٢١) (تەوەری دووەم/ بڕگەی یەکەم: پرسی پێوەر و مەرجەکانی پرۆسەی ڕیزبەندی نیشتیمانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان)، بە پێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە، بڕیاردرا بە:

- دیاری کردنی پێوەر و مەرجەکانی ڕیزبەندی نیشتیمانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢١) و ساڵەکانی دواتر، بەم شێوەیەی کە لە خوارەوەدا هاتووە:

**یەکەم:** ڕیزبەندی نیشتمانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە حەوت پێوەری سەرەکی پێکدێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. دەستەی وانەبێژان (ستافی ئەکادیمی)-Academic Staff
٢. توێژینەوەی زانستی-Scientific Research
٣. چالاکیە زانستیە نێودەوڵەتی و نیشتمانیەکان (ناوخۆکان)-National and International Scientific Activities
٤. ڕازیبوونی (دڵشادبوونی) قوتابی/خوێندکار-Student Satisfaction
٥. دڵنیایی جۆری-Quality
٦. چالاکیە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان-Cultural and Community Activities
٧. کتێبخانە-Library

**دووەم:** کێش و خاڵەکان بۆ هەر پێوەرێک بەم شێوەیەی کە لە خشتەی خوارەوەدا هاتووە دیاری کراوە:

| NUR Criteria and Weights (2021) | | |
|---|---|---|
| 1. Academic Staffs | | |
| # | Criteria | Weight% |
| I.1 | Student/Academic staff ratio | 4 |
| I.2 | Student/Professor ratio | 2 |
| I.3 | Student/Assistant Professor ratio | 2 |
| I.4 | Academic staff/department | 1 |
| 1.5 | International Association Senior membership | 1 |
| | Total | **10** |

| 2. Scientific Research | | |
|---|---|---|
| # | Criteria | Weight% |
| II.1 | Journals Issued by the University and indexed by SCOPUS or Clarivate Analytics (WoS) | 1 |
| II.2 | Total Impact Factor of quality Journals' publications indexed by Clarivate Analytics (WoS) | 20 |
| II.3 | Number of Publications indexed by Clarivate Analytics (WoS) and SCOPUS | 6 |
| II.4 | Number of publications inside Kurdistan Region, without indexing | 4 |
| II.5 | Number of scientific books/book-chapters published by famous publisher | 2 |
| II.6 | International Patents | 1 |
| II.7 | Local Patents | 1 |
| II.8 | Google Scholar Citation | 2 |
| | Total | **37** |

| 3. National and International Scientific Activities | | |
|---|---|---|
| # | Criteria | Weight% |
| III.1 | Number of international students at the University | 1 |
| III.2 | Number of international teaching-staff at the University | 1 |
| III.3 | Number of Exchanges international students at the University | 1 |
| III.4 | Number of Exchanges international teaching-staff at the University | 1 |
| III.5 | Holding training courses | 1 |
| III.6 | Hosting and sponsoring national conferences/symposium/workshops/forum | 1 |
| III.7 | Hosting and sponsoring International workshops/forum | 1 |
| III.8 | Hosting and sponsoring International conferences | 2 |
| III.9 | Holding joint work and projects with international universities and scientific bodies | 3 |
| III.10 | Achievement of academic awards and scientific prizes, medals and awards | 2 |
| | Total | **14** |

| 4. Student Satisfaction | | |
|---|---|---|
| # | Criteria | Weight% |
| IV | Student Satisfaction | 3 |
| | Total | **3** |

| 5. Quality | | |
|---|---|---|
| # | Criteria | Weight% |
| V.1 | Classroom space in (sq meter) | 1 |
| V.2 | Accommodation space in (sq meter) | 1 |
| V.3 | Green area and University park in (sq meter) | 1 |
| V.4 | Space for sports activities in (sq meter) | 1 |
| V.5 | Ranking Web of Universities (Webometrics) | 3 |
| V.6 | QS World University Rankings | 1 |
| V.7 | Times Higher Education World University Rankings | 1 |
| V.8 | Teaching Quality Assurance Scoring | 4 |
| V.9 | Teaching Quality e-System | 6 |
| V.10 | Alumni | 1 |
| V.11 | Accreditation | 5 |
| V.12 | Health and Safety | 2 |
| | Total | **27** |
| **6. Cultural and Communinty Activities** | | |
| # | Criteria | Scale% |
| VI.1 | Sport activities | 1 |
| VI.2 | Art activities | 1 |
| VI.3 | Community- University partnership projects | 1 |
| VI.4 | Projects that serve the society and become financial income for the university | 1 |
| VI.5 | Securing grants for the University | 2 |
| | Total | **6** |
| **7. Library** | | |
| # | Criteria | Weight% |
| VII.1 | e-Library system with at least 10000 book titles | 1 |
| VII.2 | Number of International scientific journal titles (e/hard) subscribed by the University | 1 |
| VII.3 | Space of the reading halls at the Library | 1 |
| | Total | **3** |
| | **Total Weight** | **100** |

**سێیەم:** دیاری کردنی کاتەکان و دواکاتەکانی پەیوەندیدار بە پرۆسەی ڕیزبەندی نیشتیمانی بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. ڕێکەوتی (٤/٣٠) هەر ساڵێک دوا کاتە بۆ پڕکردنەوەی ماستەرشیت بۆ قوتابی/خوێندکار.
٢. ڕێکەوتی (٦/٣٠) هەر ساڵێک دواکاتە بۆ پڕکردنەوەی ماستەرشیت بۆ دەستەی وانەبێژان (ناوی مامۆستایان).
٣. ڕێکەوتی (٨/١٥) هەر ساڵێک دوا کاتە بۆ پڕکردنەوەی ماستەرشیت بۆ دەستەی وانەبێژان (خاڵەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری).
٤. ڕێکەوتی (٨/٣١) هەرساڵێک دوا کاتە بۆ پڕکردنەوەی ڕانکینگ شیت.
٥. لە مانگی (١٢) دوازدەی هەرساڵێک ئەنجامەکانی پرۆسەی ڕیزبەندی نیشتیمانی ڕادەگەیەنرێت.
٦. ئەگەر لە داهاتوو هەر گۆڕانکاریەک لە پێوەر و ڕێنماییەکانی ڕانکینگدا ئەنجام بدرێت، لە هەفتەی یەکەمی مانگی (٥) پێنجی هەر ساڵێک ڕادەگەینرێت و گۆڕانکاریەکانیش بۆ ساڵی دواتر دەچێتە بواری جێبەجێکردن.

**چوارەم:** مەرجەکانی پەیوەندیدار بە هەر پێوەرێکی پرۆسەی ڕیزبەندی نیشتیمانی:

**پێوەری یەکەم:** دەستەی وانەبێژان (ستافی ئەکادیمی)-Academic Staff **(کۆی گشتی خاڵەکان (١٠) دە خاڵ)**

١. بۆ وەرگرتنی **(٤) چوار خاڵی** تەواو بۆ سەرجەم ستافی ئەکادیمی، پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:
   أ. (١٠) دە قوتابی/خوێندکار بەرامبەر (١) یەک ستافی ئەکادیمی هەژمار دەکرێت.
   ب. قوتابی/خوێندکارانی بەکالۆریۆس و خوێندنی باڵا هەژمار دەکرێن.
   ج. قوتابیانی خوێندنی دکتۆرا لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە هەمان کاتدا بە ستافی ئەکادیمی و قوتابی/خوێندکار هەژمار دەکرێن.
   د. پێویستە هەر ستافێکی ئەکادیمی لە دوو زانکۆ زیاتر ناوی نەبێت لە زانکۆیەک بە گرێبەستی میلاک و لە زانکۆیەکی دیکە گرێبەستی کاتی واتە وانەبێژ بێت. هەروەها لە حاڵەتێکدا ئەگەر ستافی ئەکادیمی زیاتر لە دوو ئەفیلیەیشنی ئاماژە پێکردبێت ئەوا تەنها ئەفیلیەیشنی یەکەم و دووەم هەژمار دەکرێن.
   هـ. چالاکیەکانی وەک (سایتەیشن و توێژینەوەی زانستی و ..هتد) بۆ مامۆستایانی خوازراو (اعاره) بۆ ئەو زانکۆیە هەژمار دەکرێت کە بە خواستن بۆی چووە بە هیچ جۆریك بۆ ئەو زانکۆیە هەژمار ناکرێت کە بە خواستن داویەتی بە زانکۆیەکی دیکە، ئەم مەرجە لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) و ساڵەکانی دواتر دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.
   و. پێویستە ستافی ئەکادیمی گرێبەستیان هەبێت و بە فعلی دەوام بکەن، ئەم مەرجە لە سەر سەرجەم پێوەرەکانی دیکەی هاتوو لە پرۆسەی ڕیزبەندی نیشتیمانی جێبەجێدەکرێت.
٢. بۆ وەرگرتنی **(٢) دوو خاڵی** تەواو، (١٠٠) سەت قوتابی/خوێندکار بەرامبەر (١) یەک پرۆفیسۆر هەژمار دەکرێت.
٣. بۆ وەرگرتنی **(٢) دوو خاڵی** تەواو، (٥٠) پەنجا قوتابی/خوێندکار بەرامبەر (١) یەک پرۆفیسۆری یاریدەدەر هەژمار دەکرێت.
٤. بۆ وەرگرتنی **(١) یەک خاڵی** تەواو، بە لایەنی کەم (١٠) دە ستافی ئەکادیمی بەرامبەر بە (١) یەک بەشی زانستی هەژمار دەکرێت و پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:
   أ. هەر بەشێکی زانستی پێویستە لایەنی کەم (٧) حەوت مامۆستای میلاکی هەبێت.

ب. تێکڕای ژمارەی گشتی ستافی ئەکادیمی لە زانکۆیەک وەرناگیرێت بۆ دیاری کردنی ژمارەی ستافی ئەکادیمی هەر بەشێک، بەڵکو پێویستە هەر بەشێک ئەو مەرجە جێبەجێ بکات.

٥. بۆ وەرگرتنی **(١) یەک خاڵی** تەواو، لایەنی کەم (١٠٠) سەت ستافی ئەکادیمی بەرامبەر بە (١) یەک ئەندامی پلە باڵا نێودەوڵەتیەکان (International Senior membership) هەژمار دەکرێت و پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:

أ. پێویستە ستافی میلاک بێت.
ب. ئەندامی پلە باڵای نێودەوڵەتی بریتین لە (Senior Member, Fellow Member and Honorary Fellow).

**پێوەری دووەم:** توێژینەوەی زانستی **(کۆی گشتی خاڵەکان (٣٧) سی و حەوت خاڵ)**

٦. بۆ وەرگرتنی **(١) یەک خاڵی** تەواو، پێویستە ئەو گۆڤارانەی کە لە لایەن زانکۆکان دەردەچن لە (SCOPUS) یاخود ( Clarivate Analytics) ئیندێکس کرابن.

٧. بۆ وەرگرتنی **(٢٠) بیست خاڵی** تەواو، پێویستە لایەنی کەم هەر (٢) دوو ستافی ئەکادیمی (١) یەک فاکتەری کاریگەر ( Impact Factor) کۆ بکەنەوە بەم مەرجانەی خوارەوە:

أ. پێویستە گۆڤارەکە لە لیستی (JCR) لە (Clarivate Analytics)دا هەبێت.
ب. لە ژمارە (١) یەک تاکو ژمارە (١٠) دەی نووسەرەکان هەژماردەکرێن.
ج. پێویستە سەرجەم مەرجەکانی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی لە بەرچاو بگرن، بە شێوەیەکی دیکە توێژینەوە بڵاوکراوەکە لاپەرەی مێتاداتا (Metadata)ی هەبێت کە ناوی تەواوی نووسەر و ئەفیلیەیشن بە ناوی بەشەکەشەوە لە خۆ بگرێت.
ز. دەکرێت ستافی ئەکادیمی ئەفیلیەیشنی بە ناوی سەنتەری توێژینەوە بێت بەمەرجێک میلاکی سەنتەری توێژینەوەکە بێت و بە فعلی لە سەنتەرەکە دەوام بکات، هەروەها ئەم مەرجە لە سەر سەرجەم پێوەرەکانی دیکەی هاتوو لە پرۆسەی ڕیزبەندی نیشتیمانی جێبەجێدەکرێت.

٨. بۆ وەرگرتنی **(٦) شەش خاڵی** تەواو، (٢) دوو ستافی ئەکادیمی بەرامبەر (١) یەک توێژینەوەی زانستی هەژمارکراوە بەم مەرجانەی خوارەوە:

أ. توێژینەوەکە پێویستە لە گۆڤارێک بڵاوکرابێتەوە کە ئیندێکس کرابێت لە (Clarivate Analytics) و هەروەها لە ژمارە (١) یەک تاکو ژمارە (١٠) دەی نووسەرەکان هەژماردەکرێن.
ب. توێژینەوەکە پێویستە لە گۆڤارێک بڵاوکرابێتەوە کە ئیندێکس کرابێت لە (SCOPUS-Q1, Q2, Q3 and Q4)، هەروەها خاڵەکان بەم شێوەیەی خوارەوە هەژمار دەکرێن:

- توێژینەوەکانی (Q1) بە ڕێژەی (٪١٠٠) خاڵەکان وەردەگرێت.
- توێژینەوەکانی (Q2) بە ڕێژەی (٪٧٥) خاڵەکان وەردەگرێت.
- توێژینەوەکانی (Q3) بە ڕێژەی (٪٥٠) خاڵەکان وەردەگرێت.
- توێژینەوەکانی (Q4) بە ڕێژەی (٪٢٥) خاڵەکان وەردەگرێت.

ج. (٢) دوو توێژینەوەی کۆنفرانسێک کە ئیندێکس کرابێت لە (SCOPUS) یاخود (Clarivate Analytics) یەکسانە بە یەک توێژینەوەی گۆڤارێک کە ئیندێکس کرابێت لە (SCOPUS) یاخود (Clarivate Analytics).

د. پێویستە سەرجەم مەرجەکانی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی لە بەرچاو بگرن، بە شێوەیەکی دیکە توێژینەوە بڵاوکراوەکە لاپەرەی مێتاداتا (Metadata)ی هەبێت کە ناوی تەواوی نووسەر و ئەفیلیەیشن بە ناوی بەشەکەشەوە لە خۆ بگرێت، هەروەها لە حاڵەتێکدا ئەگەر ستافی ئەکادیمی زیاتر لە دوو ئەفیلیەیشنی ئاماژە پێکردبێت ئەوا تەنها ئەفیلیەیشنی یەکەم و دووەم هەژمار دەکرێت.

٩. بۆ وەرگرتنی **(٤) چوار خاڵی** تەواو بۆ ئەو بڵاوکراوانەی کە لە ناوخۆی کوردستاندا بڵاو دەکرێنەوە پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:

أ. هەر (٢) دوو ستافی ئەکادیمی بەرامبەر (١) یەک توێژینەوەی زانستی ئەو گۆڤارە زانستیە ناوخۆییانە هەژمارکراوە کە ئەندامن لە (DOAJ).

ب. هەر (١) یەک ستافی ئەکادیمی بەرامبەر (١) یەک توێژینەوەی زانستی ئەو گۆڤارە زانستیە ناوخۆییانە هەژمارکراوە کە ئەندام نین لە (DOAJ).

ج. بڵاوکردنەوەی (١) یەک توێژینەوەی زانستی لەو گۆڤارانەی کە ئیندێکس کراون لە (Clarivate Analytics) یەکسانە بە بڵاوکردنەوەی (٢) دوو توێژینەوەی زانستی لەو گۆڤارە ناوخۆییانەی کە ئەندامن لە (DOAJ).

د. بڵاوکردنەوەی (١) یەک توێژینەوەی زانستی لەو گۆڤارانەی کە ئیندێکس کراون لە (SCOPUS) یەکسانە بە بڵاوکردنەوەی (١) یەک توێژینەوەی زانستی لەو گۆڤارە ناوخۆییانەی کە ئەندامن لە (DOAJ).

هـ. (١) یەک توێژینەوەی کۆنفرانسێک کە ئیندێکس کرابێت لە (SCOPUS) یاخود (Clarivate Analytics) یەکسانە بە بڵاوکردنەوەی (١) یەک توێژینەوەی زانستی لەو گۆڤارە ناوخۆییانەی کە ئەندامن لە (DOAJ).

و. (٢) دوو توێژینەوەی کۆنفرانسێک کە (DOI) هەبێت و ئیندێکس نە کرابێت لە (SCOPUS) یاخود (Clarivate Analytics) یەکسانە بە بڵاوکردنەوەی (١) یەک توێژینەوەی زانستی لەو گۆڤارە ناوخۆییانەی کە ئەندامن لە (DOAJ).

ز. (١) یەک کتێبی بڵاوکراوە لە ناوخۆی کوردستان کە مەرجە (ISBN) هەبێت و لە پۆرتاڵی (ISBN) بە شێوەی ئۆنلاین بەردەست بێت یەکسانە بە بڵاوکردنەوەی (٤) چوار توێژینەوەی زانستی لەو گۆڤارە ناوخۆییانەی کە ئەندامن لە (DOAJ).

ح. پێویستە سەرجەم مەرجەکانی بڵاوکردنەوەی توێژینەوەی زانستی جێبەجێ بکرێت.

١٠. بۆ وەرگرتنی **(٢) دوو خاڵی** تەواو بۆ ئەو کتێب و چاپەرانەی بڵاودەکرێنەوە لە لایەن دەزگا بڵاوکەرەوە بەناوبانگەکان پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:

أ. ئەگەر هاتوو نووسەرەکە لە ڕیزبەندی یەکەمی لیستی ناوی نووسەرەکانی کتێبە بڵاوکراوەکەدا هاتبوو ئەوا (١) یەک کتێبی بڵاوکراوە بەرامبەر بە (١٠٠) سەت ستافی ئەکادیمی هەژماردەکرێت.

ب. ئەگەر هاتوو نووسەرەکە لە ڕیزبەندی دووەمی لیستی ناوی نووسەرەکانی کتێبە بڵاوکراوەکەدا هاتبوو ئەوا (١) یەک کتێبی بڵاوکراوە بەرامبەر بە (٧٥) حەفتا و پێنج ستافی ئەکادیمی هەژماردەکرێت.

ج. ئەگەر هاتوو نووسەرەکە لە ڕیزبەندی سێیەمی لیستی ناوی نووسەرەکانی کتێبە بڵاوکراوەکەدا هاتبوو ئەوا (١) یەک کتێبی بڵاوکراوە بەرامبەر بە (٥٠) پەنجا ستافی ئەکادیمی هەژماردەکرێت.

د. ئەو نووسەرانەی ناویان لە ڕیزبەندی چوارەم و زیاتری لیستی ناوی نووسەرەکانی کتێبە بڵاوکراوەکاندا هاتوە ئەوا بۆیان هەژمار ناکرێت.

هـ. ئەگەر هاتوو نووسەرەکە لە ڕیزبەندی یەکەمی لیستی ناوی نووسەرەکانی چاپتەرە بڵاوکراوەکەدا هاتبوو ئەوا (١) یەک چاپتەری بڵاوکراوە بەرامبەر بە (٥٠) پەنجا ستافی ئەکادیمی هەژماردەکرێت.

و. ئەگەر هاتوو نووسەرەکە لە ڕیزبەندی دووەمی لیستی ناوی نووسەرەکانی چاپتەرە بڵاوکراوەکەدا هاتبوو ئەوا (١) یەک چاپتەری بڵاوکراوە بەرامبەر بە (٤٥) چل و پێنج ستافی ئەکادیمی هەژماردەکرێت.

ز. ئەگەر هاتوو نووسەرەکە لە ڕیزبەندی سێیەمی لیستی ناوی نووسەرەکانی چاپتەرە بڵاوکراوەکەدا هاتبوو ئەوا (١) یەک چاپتەری بڵاوکراوە بەرامبەر بە (٤٠) چل ستافی ئەکادیمی هەژماردەکرێت.

ح. ئەگەر هاتوو نووسەرەکە لە ڕیزبەندی چوارەمی لیستی ناوی نووسەرەکانی چاپتەرە بڵاوکراوەکەدا هاتبوو ئەوا (١) یەک چاپتەری بڵاوکراوە بەرامبەر بە (٣٥) سی و پێنج ستافی ئەکادیمی هەژماردەکرێت.

ط. ئەگەر هاتوو نووسەرەکە لە ڕیزبەندی پێنجەمی لیستی ناوی نووسەرەکانی چاپتەرە بڵاوکراوەکەدا هاتبوو ئەوا (١) یەک چاپتەری بڵاوکراوە بەرامبەر بە (٣٠) سی ستافی ئەکادیمی هەژماردەکرێت.

ي. ئەگەر هاتوو نووسەرەکە لە ڕیزبەندی شەشەمی لیستی ناوی نووسەرەکانی چاپتەرە بڵاوکراوەکەدا هاتبوو ئەوا (١) یەک چاپتەری بڵاوکراوە بەرامبەر بە (٢٥) بیست و پێنج ستافی ئەکادیمی هەژماردەکرێت.

ك. ئەگەر هاتوو نووسەرەکە لە ڕیزبەندی حەوتەمی لیستی ناوی نووسەرەکانی چاپتەرە بڵاوکراوەکەدا هاتبوو ئەوا (١) یەک چاپتەری بڵاوکراوە بەرامبەر بە (٢٠) بیست ستافی ئەکادیمی هەژماردەکرێت.

ل. ئەگەر هاتوو نووسەرەکە لە ڕیزبەندی هەشتەمی لیستی ناوی نووسەرەکانی چاپتەرە بڵاوکراوەکەدا هاتبوو ئەوا (١) یەک چاپتەری بڵاوکراوە بەرامبەر بە (١٥) پازدە ستافی ئەکادیمی هەژماردەکرێت.

م. ئەگەر هاتوو نووسەرەکە لە ڕیزبەندی نۆیەمی لیستی ناوی نووسەرەکانی چاپتەرە بڵاوکراوەکەدا هاتبوو ئەوا (١) یەک چاپتەری بڵاوکراوە بەرامبەر بە (١٠) دە ستافی ئەکادیمی هەژماردەکرێت.

ن. ئەگەر هاتوو نووسەرەکە لە ڕیزبەندی دەیەمی لیستی ناوی نووسەرەکانی چاپتەرە بڵاوکراوەکەدا هاتبوو ئەوا (١) یەک چاپتەری بڵاوکراوە بەرامبەر بە (٥) پێنج ستافی ئەکادیمی هەژماردەکرێت.

س. ئەو نووسەرانەی ناویان لە ڕیزبەندی یازدەم و زیاتری لیستی ناوی نووسەرەکانی چاپتەرە بڵاوکراوەکاندا هاتووە ئەوا بۆیان هەژمار ناکرێت.

ع. پێویستە بڵاوکەرەوەی کتێبەکان (دەزگاکان) ناویان لە لیستی (Web of Science)دا هاتبێت، بۆ ئەم مەبەستە سەیری لیستی بڵاوکەرەوەکان بکە لە وێبسایتی ڕیزبەندی نیشتیمانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

١١. لە ڕۆژی هەڵسەنگاندنی ئەو توێژینەوە و بڵاوکراوانەی کە لە گۆڤارە ئیندێکس کراوەکاندا بڵابوونەتەوە، ئەگەر دەرکەوت یەکێک لە گۆڤارەکان لە ئیندێکس لادراون ئەوا توێژینەوەکانی ئەو گۆڤارە هەژمار ناکرێن.

١٢. بۆ وەرگرتنی **(١) یەک خاڵی** تەواو بۆ پاکانەی داهێنانی نێودەوڵەتی (International Patent) پێویستە هەر زانکۆیەک لایەنی کەم (١) یەک پاکانەی داهێنانی نێودەوڵەتی هەبێت بەم مەرجانەی خوارەوە:

أ. پاتێنتەکە پێویستە لە لایەن (WIPO) تۆمارکرابێت و پێویستە ئەفیلیەشنی پێشکەشکارەکە بە ناوی ئەو زانکۆیە بێت کە لە ماستەرشیتی ڕیزبەندی نیشتیمانی تۆماری دەکات.

ب. پێویستە ئەوەی پاتێنتەکە وەردەگرێت میلاکی زانکۆ بێت.

١٣. بۆ وەرگرتنی **(١) یەک خاڵی** تەواو بۆ پاکانەی داهێنانی ناوخۆیی (Local Patent) پێویستە هەر زانکۆیەک لایەنی کەم (١) یەک پاکانەی داهێنانی ناوخۆیی هەبێت بەم مەرجانەی خوارەوە:

أ. پاتێنتەکە پێویستە لە لایەن (Iraqi central organization for standardization and quality control (COSQC)) تۆمارکرابێت و پێویستە ئەفیلیەشنی پێشکەشکارەکە بە ناوی ئەو زانکۆیە بێت کە لە ماستەرشیتی ڕیزبەندی نیشتیمانی تۆماری دەکات.

ب. پێویستە بڕوانامەی پاکانەی داهێنانەکەی هەبێت.

ج. پێویستە ئەوەی پاتێنتەکە وەردەگرێت میلاکی زانکۆ بێت.

١٤. بۆ وەرگرتنی **(٢) دوو خاڵی** تەواو بۆ گووگل سکۆلار سایتەیشن (Google Scholar Citation) پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:

أ. لە کۆی لیستی سەرجەم پرۆفایلەکانی هەر زانکۆیەک (١٠) دە پرۆفایلی یەکەم لە لیستەکە لا دەدرێن دواتر کۆی سایتەشنەکانی هەر زانکۆیەک دابەش ژمارەی ستافی ئەکادیمی لە زانکۆکە دەکرێت.

ب. لیستی سایتەشنەکان لە ستافی میلاک و خانەنیشبووەکان کە ئەفیلیەیشنیان بۆ زانکۆی میلاک هەیە و هەروەها وانەبێژانی سەردانیکەر پێکدێت وکە پێویستە گرێبەستیان هەبێت و بە فعلیش لە زانکۆکە دەوام بکات .

ج. سایتەیشنی هەرستافێک کە ئەفیلیەیشنی بۆ دوو زانکۆ هەیە ئەوا هەژمار ناکرێت.

د. (١) یەک لاپەڕەی سایتەیشنی ساختە (٪٥٠) سەتا پەنجای خاڵەکان کەم دەکاتەوە، هەروەها (٢) دوو یاخود زیاتر لە دوو لاپەڕەی ساختە سەرجەم خاڵەکان دەکات بە سفر.

هـ. هەر ستافێک کە سایتەیشنەکانی ناڕاستن ئەوا دوور دەخرێتەوە.

و. سایتەیشنەکان لە مانگی (٧) حەوت و مانگی (١٢) دوازدە کۆ دەکرێنەوە و تێکڕایان دەردەهێنرێت.

ز. وێنە و ئەفیلیەیشنی هەر ستافێک ئیجباریە.

ح. بە پێوەری نسبی لە سەر بنەمای بەرزترین تێکڕای سایتەیشن لە زانکۆکان هەژمار دەکرێت.

**پێوەری سێیەم:** چالاکیە زانستیە نیشتیمانی و نێودەوڵەتیەکان **(کۆی گشتی خاڵەکان (١٤) چواردە خاڵ)**

١٥. بۆ وەرگرتنی **(١) یەک خاڵی** تەواو بۆ ژمارەی قوتابی/خوێندکاری نێودەوڵەتی پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:

أ. (١) یەک قوتابی/خوێندکاری نێودەوڵەتی بەرامبەر بە (٥٠) قوتابی/خوێندکاری ناوخۆیی هەژمار دەکرێت.

ب. پێویستە قوتابی/خوێندکاری نێودەوڵەتی پاسپۆرتی عێراقی نەبێت.

١٦. بۆ وەرگرتنی **(١) یەک خاڵی** تەواو بۆ ژمارەی ستافی ئەکادیمی نێودەوڵەتی پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:
- أ. (١) یەک ستافی ئەکادیمی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە (٢٥) بیست و پێنج ستافی ئەکادیمی ناوخۆیی هەژمار دەکرێت.
- ب. پێویستە ستافی ئەکادیمی نێودەوڵەتی پاسپۆرتی عێراقی نەبێت.

١٧. بۆ وەرگرتنی **(١) یەک خاڵی** تەواو بۆ ژمارەی ئاڵوگۆڕی قوتابی/خوێندکار (Student Exchange) پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ کرابێت:
- أ. (١) یەک قوتابی/خوێندکاری ئاڵوگۆڕکراو بەرامبەر بە (١٠٠) سەت قوتابی/خوێندکاری ناوخۆیی هەژمار دەکرێت.
- ب. پێویستە بەرنامەی ئاڵوگۆڕەکە (Exchange Program) لە سەر وێبسایتی زانکۆکەدا هەبێت بە سەرجەم ووردەکارییەکانەوە.

١٨. بۆ وەرگرتنی **(١) یەک خاڵی** تەواو بۆ ژمارەی ئاڵوگۆڕی ستافی ئەکادیمی (Academic Staff Exchange) پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:
- أ. (١) یەک ستافی ئەکادیمی ئاڵوگۆڕکراو بەرامبەر بە (١٠٠) سەت ستافی ئەکادیمی ناوخۆیی هەژمار دەکرێت.
- ب. پێویستە بەرنامەی ئاڵوگۆڕەکە (Exchange Program) لە سەر وێبسایتی زانکۆکەدا هەبێت بە سەرجەم ووردەکارییەکانەوە.

١٩. بۆ وەرگرتنی **(١) یەک خاڵی** تەواو بۆ ئەنجامدانی خولی ڕاهێنان پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ کرابێت:
- أ. (١) یەک خولی ڕاهێنان بەرامبەر (٢٥) بیست و پێنج ستافی ئەکادیمی هەژمار دەکرێت.
- ب. ماوەی خولی ڕاهێنانەکە نابێت لە (٦) شەش ڕۆژی کار کەمتر بێت و نابێت لە (٢٤) بیست و چوار کاتژمێر کەمتر بێت.
- ج. ژمارەی بەشداربوان نابێت لە (٢٠) بیست بەشداربوو کەمتر بێت.
- د. خولی ڕاهێنانەکە پێویستە زانستی بێت.
- ه. خولەکانی پێداگۆجی ناچنە چوارچێوەی خولی ڕاهێنان.
- و. خولەکانی سەنتەری زمان بۆ مەبەستەکانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا و وەرگرتنی نازناوی زانستی ناچنە چوارچێوەی خولی ڕاهێنان.
- ز. خولی ڕاهێنانەکە لە دوای ئەنجامدانی پێویستە لە ماوەیەک کە لە دوو هەفتە زیاتر نەبێت بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و هەر زمانێکی دیکە کە زانکۆ بە پێویستی دەزانێت لە سەر وێبسایتی زانکۆ دانرابێت بە سەرجەم زانیاری و ووردەکاریەکانیەوە (زمانی ئینگلیزی مەرجی سەرەکیە).

٢٠. بۆ وەرگرتنی **(١) یەک خاڵی** تەواو بۆ چالاکیە زانستیە ناوخۆکانی وەک (کۆنفرانس و سمپۆزیۆم و ووۆرکشۆپ و فۆریۆم) پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:
- أ. (٢) دوو کۆنفرانس/سمپۆزیۆم/ووۆرکشۆپ/فۆریۆمی زانستی بەرامبەر (١) یەک بەشی زانستی هەژمار دەکرێت.
- ح. ڕووداوە زانستیەکە لە دوای ئەنجامدانی پێویستە لە ماوەیەک کە لە دوو هەفتە زیاتر نەبێت بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و هەر زمانێکی دیکە کە زانکۆ بە پێویستی دەزانێت لە سەر وێبسایتی زانکۆ دانرابێت بە سەرجەم زانیاری و ووردەکاریەکانیەوە (زمانی ئینگلیزی مەرجی سەرەکیە).

٢١. بۆ وەرگرتنی (١) **یەک خاڵی** تەواو بۆ سپۆنسەرکردن و میوانداری کردنی وۆرکشۆپی نێودەوڵەتی پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:

أ. (١) یەک وۆرکشۆپی نێودەوڵەتی بەرامبەر (١) یەک بەشی زانستی هەژمار دەکرێت.

ط. ڕووداوە زانستیەکە لە دوای ئەنجامدانی پێویستە لە ماوەیەک کە لە دوو هەفتە زیاتر نەبێت بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و هەر زمانێکی دیکە کە زانکۆ بە پێویستی دەزانێت لە سەر وێبسایتی زانکۆ دانرابێت بە سەرجەم زانیاری و ووردەکاریەکانیەوە (زمانی ئینگلیزی مەرجی سەرەکیە).

٢٢. بۆ وەرگرتنی (٢) **دوو خاڵی** تەواو بۆ سپۆنسەرکردن و میوانداریکردنی کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:

أ. (٢) دوو کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی بەرامبەر (١) یەک زانکۆ هەژمار دەکرێت.

ب. بۆ کۆنفرانسە هاوبەشەکان خاڵەکان دابەش دەکرێن لە نێوان ڕێکخەرەکان.

ج. پێویستە کۆنفرانسەکە لە سەر وێبسایتی زانکۆ یاخود زانکۆکاندا هەبێت، بە پێچەوانەوە هەژمار ناکرێت.

د. پێویستە سەرجەم توێژینەوە پرێزنتکراوەکان لە پلاتفۆرمێکی ستاندارد بڵاوبکرێتەوە هەروەها (DOI) بۆ هەر توێژینەوەیەک دانرابێت، یاخود لە زەخیرەی (repository) ئیندێکسکراودا دانرابێت.

ه. پابەندی سەرجەم ڕێنماییەکانی ئەنجامدانی کۆنفرانسی زانستی نیودەوڵەتی بوبێت.

٢٣. بۆ وەرگرتنی (٣) **سێ خاڵی** تەواو بۆ کار و پرۆژە هاوبەشەکان لەگەڵ زانکۆ و ناوەندە زانستیە نێودەوڵەتیەکان پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:

أ. (١) یەک چالاکی نێودەوڵەتی بەرامبەر (١) یەک بەشی زانستی هەژمار دەکرێت.

ب. پرۆژەی بڕوانامە هاوبەشەکان و دواڵ دگریەکانی وەک (دکتۆرا، ماستەر، بەکالۆریۆس) پێویستە لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی پەسەند کرابێت.

ج. پرۆژە هاوبەشە کەسیەکان هەژمار ناکرێن.

د. پرۆژە و چالاکیەکان پێویستە بە سەرجەم وردەکاریەکانیەوە بە زمانی ئینگلیزی لە سەر وێبسایتی هەردوو زانکۆدا هەبێت یان لایەنی کەم لە سەر وێبسایتی زانکۆکەی دەرەوە هەبێت.

٢٤. بۆ وەرگرتنی (٢) **دوو خاڵی** تەواو بۆ خەڵات و مەدالیە زانستی و ئەکادیمیەکان پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:

أ. (٢) دوو خەڵات بەرامبەر (١) یەک زانکۆ دانراوە.

ب. (٢) دوو خەڵاتەکە پێویستە (١) یەک لە زانستە پەتیەکان و (١) یەک لە زاستە مرۆڤایەتییەکان بێت.

ج. تەنها ئەو خەڵاتانە هەژمار دەکرێن کە ستافی میلاک بە دەستیان هێناوە.

د. تەنها ئەو خەڵاتانە هەژمار دەکرێن کە لەم لینکەدا هاتووە (https://drive.google.com/file/d/1Q6i-KgQtIMsxoTlsg9qzXwwlQGGjQJD7/view)

**پێوەری چوارەم:** ڕەزامەندی (دڵشادی) قوتابی/خوێندکار **(کۆی گشتی خاڵەکان (٣) سێ خاڵ)**

٢٥. لە ڕێگەی ناردنی فۆرمێک لە ڕێگەی ئیمەیلەوە بۆ ژمارەیەک لە قوتابی/خوێندکارانی هەر زانکۆیەک ڕادەی ڕەزامەندی (دڵشادی) قوتابی/خوێندکار وەردەگیرێت.

**پێوەری پێنجەم:** دڵنیایی جۆری **(کۆی گشتی خاڵەکان (٢٧) بیست و حەوت خاڵ)**

٢٦. بۆ وەرگرتنی **(١) یەک خاڵی** تەواو بۆ ڕووبەری هۆڵ (Classroom) بۆ (١) یەک قوتابی/خوێندکار لایەنی کەم (٢،٥) دوو مەترو نیو چوارگۆشە هەژمار دەکریت.
٢٧. بۆ وەرگرتنی **(١) یەک خاڵی** تەواو بۆ ڕووبەری بەشی ناوخۆیی (Accommodation) بۆ (١) یەک قوتابی/خوێندکار لایەنی کەم (٨) هەشت مەتر چوارگۆشە هەژمار دەکریت.
٢٨. بۆ وەرگرتنی **(١) یەک خاڵی** تەواو بۆ ڕووبەری پارک و ناوچەی سەوزایی بۆ (١) یەک قوتابی/خوێندکار لایەنی کەم (٤) چوار مەتر چوارگۆشە هەژمار دەکرێت.
٢٩. بۆ وەرگرتنی **(١) یەک خاڵی** تەواو بۆ ڕووبەری شوێنی چالاکیەک وەرزشیەکان، پێویستە هەر زانکۆیەک (٢٥٠٠٠) بیست و پێنج هەزار مەتر چوارگۆشە تەرخان بکات.
٣٠. بۆ وەرگرتنی **(٣) سێ خاڵی** تەواو بە پێی ڕیزبەندی زانکۆکان لە ویبۆمێتریکس (Webometrics) پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:
   أ. دانانی خاڵ بۆ زانکۆکان لە سەر بنەمای شوێنی لە ڕیزبەندی زانکۆکان لە ویبۆمێتریکس (Webometrics) دەبێت.
   ب. زانکۆی هاتوو لە لیستی ڕیزبەندی یەکەمی زانکۆکانی جیهان بە پێی ویبۆمێتریکس (Webometrics) (٣) سێ خاڵی تەواو وەردەگرێت.
   ج. خاڵەکان پێکدێت لە تێکرای دەرچوونی ویبۆمێتریکس (Webometrics) لە مانگی یەک و مانگی حەوت.
٣١. بۆ وەرگرتنی **(١) یەک خاڵی** تەواو بە پێی ڕیزبەندی زانکۆکان لە (QS World University Rankings) پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:
   أ. دانانی خاڵ بۆ زانکۆکان لە سەر بنەمای شوێنی لە ڕیزبەندی زانکۆکان لە (QS World University Rankings) دەبێت.
   ب. زانکۆی هاتوو لە لیستی ڕیزبەندی یەکەمی زانکۆکانی جیهان بە پێی (QS World University Rankings) (١) یەک خاڵی تەواو وەردەگرێت.
٣٢. بۆ وەرگرتنی **(١) یەک خاڵی** تەواو بە پێی ڕیزبەندی زانکۆکان لە (Times Higher Education World University Rankings) پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکرێت:
   أ. دانانی خاڵ بۆ زانکۆکان لە سەر بنەمای شوێنی لە ڕیزبەندی زانکۆکان لە (Times Higher Education World University Rankings) دەبێت.
   ب. زانکۆی هاتوو لە لیستی ڕیزبەندی یەکەمی زانکۆکانی جیهان بە پێی (Times Higher Education World University Rankings) (١) یەک خاڵی تەواو وەردەگرێت.

٣٣. بۆ وەرگرتنی (٤) **چوار خاڵی** تەواو لە پرۆسەی دڵنیایی جۆری بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت.
أ. بۆ فیدباکی قوتابی/خوێندکار (SF) (١) یەک خاڵ هەژمار دەکرێت.
ب. بۆ هەگبەی مامۆستا (TP) (١) یەک خاڵ هەژمار دەکرێت.
ج. بۆ زانستخوازی بەردەوام (CAD) (٢) دوو خاڵ هەژمار دەکرێت.

٣٤. بۆ وەرگرتنی (٦) **شەش خاڵی** تەواو بۆ سیستەمی ئەلکترۆنی پرۆسەی دڵنیایی جۆری بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت.
أ. بۆ پرۆفایلی ئەکادیمی (١) یەک خاڵ هەژمار دەکرێت.
ب. بۆ هەگبەی مامۆستا و زانستخوازی بەردەوام (١) یەک خاڵ هەژمار دەکرێت.
ج. سەکۆی نمرەی چالاکیەکانی پرۆسەی دڵنیایی جۆری (١) یەک خاڵ هەژمار دەکرێت.
د. سیستەمی ئەلکترۆنی وەرگرتنی فیدباکی قوتابی/خوێندکار (١) یەک خاڵ هەژمار دەکرێت.
هـ. سیستەمی فێربوونی ئەلکترۆنی وەک (LMS; Moodle, Google Apps, etc.) (٢) خاڵ هەژمار دەکرێت.
و. پێداچوونەوەی هاوەڵانە لە مانگی هەشت و مانگی نۆ بۆ سیستەمە ئەلکترۆنیەکان ئەنجام دەدرێت.
ز. نمرەکان یەک لە مانە دەبێت (٪٠، ٪٢٥، ٪٥٠، ٪٧٥، ٪١٠٠).

٣٥. بۆ وەرگرتنی (١) **یەک خاڵی** تەواو بۆ دەرچوان (Alumni) لە سەر بنەمای ئەم خاڵانەی خوارەوە هەڵسەنگاندن دەکرێت:
أ. وێبسایتی دەرچوان (University Alumni Website)
ب. داتابەیسی زانیاریەکان سەبارەت بە دەرچوان.
ج. بەدواداچوون بۆ دەرچوان.
د. ئەو خزمەتگوزاریانەی لە لایەن زانکۆوە پێشکەش بە قوتابیان/خوێندکاران (یان دەرچوان) دەکرێت.

٣٦. بۆ وەرگرتنی (٥) **پێنج خاڵی** تەواو بۆ متمانەی نێودەوڵەتی پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:
أ. (٠,٧٥) خاڵ بۆ وەرگرتنی متمانەی نێودەوڵەتی بۆ هەر پرۆگرامێکی خوێندن هەژمار دەکرێت.
ب. (١,٥) خاڵ بۆ وەرگرتنی متمانەی نێودەوڵەتی بۆ دەزگاکە هەژمار دەکرێت.
ج. پێویستە سەرجەم زانیاریەکان سەبارەت بە وەرگرتنی متمانەی نێودەوڵەتیەکە و بڕوانامەکان لە سەر وێبسایتی زانکۆدا هەبێت.
د. ئەو زانکۆیانەی یان ئەو پرۆگرامانەی کە متمانەیان لە لایەن هەردوو دەزگای (ZEVA) و (ASIC) وەرگرتووە یان ئەو زانکۆیانەی کە پلانیان هەیە لەم دوو دەزگایە متمانە وەرگرن کاری پێدەکرێت.
هـ. ئەو زانکۆیانەی یان ئەو پرۆگرامانەی کە پلانیان هەیە لە دەزگا جیاجیاکانی جیهان متمانە وەربگرن پێویستە بۆ ئەم مەبەستە لە سەرەتادا پەسەندی وەزارەتمان/دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری وەربگرن.

٣٧. بۆ وەرگرتنی (٢) **دوو خاڵی** تەواو بۆ تەندروستی و سەلامەتی پشت بەو ڕاپۆرتە دەبەسترێت کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی لە وەزارەتمان پێشکەش دکرێت بە دانانی نمرە بۆ ڕاپۆرتی هەر زانکۆیەک لە سەر (١٠٠) لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی.

**پێوەری شەشەم:** چالاکیە ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکان **(کۆی گشتی خاڵەکان (٦) شەش خاڵ)**

٣٨. بۆ وەرگرتنی **(١) یەک خاڵی** تەواو بۆ چالاکیە وەرزشیەکان پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:

أ. بۆ هەر چالاکیەکی وەرزشی (٠,١) خاڵ هەژمار دەکرێت.
ب. پێویستە چالاکیە وەرزشیەکە بەشێوەیەکی فەرمی فەرمانی زانکۆیی بۆ دەربچێت.
ج. پێویستە چالاکیە وەرزشیەکە لە شێوەی خول بێت لە سەر ئاستی کۆلێژ یاخود زانکۆ یاخود لە نێوان زانکۆ جیاجیاکان.
د. پێویستە خشتەی کاتەکانی دەسپێکردنی ڕووداوە وەرزشیەکە و ئەنجامدانی یارییەکان و کۆتایی هاتنی ڕووداوە وەرزشیەکە دیاری بکرێت.
ه. پێویستە ماوەی ئەنجامدانی ڕووداوە وەرزشیەکە دیاری بکرێت و گونجاو بێت لەگەڵ جۆری ئەو چالاکیە وەزرشیەی کە ئەنجام دەدرێت.
و. پێویستە شوێنی ئەنجامدانی چالاکیە وەرزشیەکە ئاماژەی پێبکرێت.
ز. پێویستە یاریزانان جل و بەرگی تایبەتی وەرزشی بپۆشن.
ح. پێویستە ژمارەی بەشداربوان ئاماژەی پێبکرێت.
ط. ئەو چالاکیە وەرزشیانەی کە لە چوارچێوەی ئەرک و پێداویستیەکانی پرۆگرامی خوێندنی کۆلێژ و بەشە زانستیە وەرزشی و پەروەردە جەستەییەکان ئەنجام دەدرێن هەژمار ناکرێن.
أ. چالاکیە وەرزشیەکان لە دوای ئەنجامدانی پێویستە لە ماوەیەک کە لە دوو هەفتە زیاتر نەبێت بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و هەر زمانێکی دیکە کە زانکۆ بە پێویستی دەزانێت لە سەر وێبسایتی زانکۆ دانرابێت بە سەرجەم زانیاری و وردەکاریەکانیەوە (زمانی ئینگلیزی مەرجی سەرەکیە).

٣٩. بۆ وەرگرتنی **(١) یەک خاڵی** تەواو بۆ چالاکیە هونەریەکان وەک (فیستیفال و شانۆ و پێشەنگای هونەری و کۆڕی شعری و میوسیک و هتد...) پێویستە ئەم مەرجانەی خوارەوە جێبەجێ بکرێت:

أ. بۆ هەر چالاکیەکی هونەری (٠,١) خاڵ هەژمار دەکرێت.
ب. پێویستە چالاکیە هونەریەکە بەشێوەیەکی فەرمی فەرمانی زانکۆیی بۆ دەربچێت.
ج. پێویستە کاتی دەسپێکردنی چالاکیە هونەریەکە و کۆتایی هاتنی ڕووداوە هونەریەکە دیاری بکرێت.
د. پێویستە شوێنی ئەنجامدانی چالاکیە هونەریەکە ئاماژەی پێبکرێت.
ه. پێویستە ژمارەی بەشداربوان ئاماژەی پێبکرێت.
و. ئەو چالاکیە هونەریانەی کە لە چوارچێوەی ئەرک و پێداویستیەکانی پرۆگرامی خوێندنی کۆلێژ و بەشە هونەریەکان ئەنجام دەدرێن هەژمار ناکرێن.
ب. چالاکیە هونەریەکان لە دوای ئەنجامدانی پێویستە لە ماوەیەک کە لە دوو هەفتە زیاتر نەبێت بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و هەر زمانێکی دیکە کە زانکۆ بە پێویستی دەزانێت لە سەر وێبسایتی زانکۆ دانرابێت بە سەرجەم زانیاری و وردەکاریەکانیەوە (زمانی ئینگلیزی مەرجی سەرەکیە).

٤٠. بۆ وەرگرتنی (١) **یەک خاڵی** تەواو بۆ پرۆژە هاوبەشەکان لە نێوان کۆمەڵگا و زانکۆکە پێویستە ڕەچاوی ئەم خالانەی خوارەوە بکرێت:

أ. (١) یەک پرۆژە بەرامبەر هەر (١) یەک بەش هەژمار دەکرێت.

ب. ڕووداوەکە لە دوای ئەنجامدانی پێویستە لە ماوەیەک کە لە دوو هەفتە زیاتر نەبێت بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و هەر زمانێکی دیکە کە زانکۆ بە پێویستی دەزانێت لە سەر وێبسایتی زانکۆ دانرابێت بە سەرجەم زانیاری و ووردەکاریەکانیەوە (زمانی ئینگلیزی مەرجی سەرەکیە).

٤١. بۆ وەرگرتنی (١) **یەک خاڵی** تەواو بۆ ئەو پرۆژانەی کە خزمەت بە کۆمەڵگا دەکات و دەبێتە سەرچاوەیەکی دارایی بۆ زانکۆکە:

ج. (١) یەک پرۆژە بەرامبەر (٤) چوار بەشی زانستی هەژمار دەکرێت.

د. ڕووداوەکە لە دوای ئەنجامدانی پێویستە لە ماوەیەک کە لە دوو هەفتە زیاتر نەبێت بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و هەر زمانێکی دیکە کە زانکۆ بە پێویستی دەزانێت لە سەر وێبسایتی زانکۆ دانرابێت بە سەرجەم زانیاری و ووردەکاریەکانیەوە (زمانی ئینگلیزی مەرجی سەرەکیە).

٤٢. بۆ وەرگرتنی (٢) **دوو خاڵی** تەواو بۆ ئەو گرانتانەی کە زانکۆ وەریدەگرێت پێویستە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکریت:

أ. (١٠٠٠$) هەزار دۆلار بەرامبەر (١) یەک ستافی ئەکادیمی هەژمار دەکرێت.

ب. سپۆنسەرکردنی ڕووداو و چالاکیەکان ناچێتە چوارچێوەی گرانتەکان.

ي. ڕووداوەکە پێویستە لە ماوەیەک کە لە دوو هەفتە زیاتر نەبێت بە زمانی کوردی و ئینگلیزی و هەر زمانێکی دیکە کە زانکۆ بە پێویستی دەزانێت لە سەر وێبسایتی زانکۆ دانرابێت بە سەرجەم زانیاری و ووردەکاریەکانیەوە (زمانی ئینگلیزی مەرجی سەرەکیە).

**پێوەری حەوتەم:** کتێبخانە **(کۆی گشتی خاڵەکان (٣) سێ خاڵ)**

٤٣. بۆ وەرگرتنی (١) **یەک خاڵی** تەواو، پێویستە کتێبخانەی ئەلکترۆنی زانکۆ لایەنی کەم (١٠٠٠٠) دە هەزار تایتلی کتێبی تێدابێت لە ڕێگەی ئەنتەرنێتی زانکۆ یاخود سیستەمی بەڕێوەبردنی داتابەیس.

٤٤. بۆ وەرگرتنی (١) **یەک خاڵی** تەواو لایەنی کەم بەرامبەر هەربەشێک پێویستە (١٠) گۆڤاری نێودەوڵەتی ئیندێکسکرا و بەشێوەی ئەلکترۆنی یان هاردکۆپی سەبسکرایب کرابێت، بە دەر لە گۆڤارە ناوخۆییەکان.

٤٥. بۆ وەرگرتنی (١) **یەک خاڵی** تەواو بۆ هۆڵەکانی خوێندنەوە لە کتێبخانە، (٢,٥) مەتر چوارگۆشە بەرامبەر (١٠٠) قوتابی خوێندکار دانراوە.

**پێنجەم:** ئەو کار و چالاکیانەی کە بەشێوازی ئۆنلاین ئەنجام دەدرێن بەم شێوەیەی خوارەوە هەژمار دەکرێت:

١. بۆ ئەو کۆنفرانس و ۆرکشۆپە زانستیانەی کە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدەدرێت، ئەوا قسەکەرە سەرەکی و توێژەرە دەرەکیەکانی دەرەوەی زانکۆکانی عێراق و هەرێمی کوردستان دەتوانن بە شێوازی ئۆنلاین بەشدار بن.

٢. بۆ ئەو کۆنفرانس و ۆرکشۆپە زانستیە نێودەوڵەتیانەی کە لە دەرەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان ئەنجامدەدرێت، ئەوا قسەکەری سەرەکی و توێژەرە ناوخۆییەکان لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەتوانن بە شێوازی ئۆنلاین بەشداربن لە ڕووداوە زانستیەکە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە ڕەزامەندی سەرۆکایەتی بەشی بۆ وەربگرێت و بواری کۆنفرانسەکەش گونجاو بێت لەگەڵ بواری بەشداربووەکە.

د. ئارام محمد قادر
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

د. هاوکار رشید
٢٠٢١/٢/٢٤

**وێنەیەک بۆ**
- نووسینگەی بەڕێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆک/ لەگەڵ بەرابیەکان/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز ڕاوێژکاری وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت زانکۆکان (حکومی/تایبەت)/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت کۆلێژە زانکۆییە تایبەتەکان/ نووسینگەی بەڕێز ڕاگر/ بۆ زانین و کاری پێویست / لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت پەیمانگە تایبەتەکان/ نووسینگەی بەڕێز ڕاگر/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەرکردە.